نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

ژمارە (461)ی ساڵی (57)
دووشەممە (9)ی یۆلیۆی 2001
(18)ی پووشپەڕی 2701ی کوردی

ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە * ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان


## ڕۆژی دامـــــــــەزراندنی 1992/7/4
## یەکەم کابینەی حکومی هەرێمی کوردستان

نۆ ساڵ پێش ئێستاو، لە ڕۆژی 2001/7/4دا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزرا. دامەزراندنی دەستکەوتێکی مێژوویی بوو، بەرهەمی ڕەنجو خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانو سەرجەم حزبە نیشتمانیو نەتەوەیی دیموکراتییەکانی بوو.

وێرای پیرۆزبایی گەرممان بۆ گەلەکەمان بەو بۆنەیەوە، خوازیارین هەرچی زووە پەلە لە جێبەجێ کردنی ئاشتیو ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکرێتو، هەردوو ئیدارەکە یەکبخرێتو یەکرێزی حزبە نیشتمانییەکان لە حکومەتێکی یەکگرتوودا زامن بکرێت، لەپێناوی پەرەپێدان بە دەستکەوتەکانو پاراستنی لە هەر ئەگەرێکو، خزمەتکردنی زیاتری گەلەکەمان.

# بەرز ڕاگرتنی هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستان درێژەی هەیە




**هەولێر:**
سەعات (7.30)ی ئێوارەی 2001/7/5 بە ئامادەبوونی هاوڕێیان (ئەبو داود) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقو (کەریم ئەحمەد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستانو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندییو، ئەندامانی کۆمیتەی پارێزگای هەولێرو نوێنەری حزبو ڕێکخراوو دامودەزگا حکومییەکانو جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێرو ئەندامانی حزبو کەسو کاری شەهیدان، کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بە هاوکاریی گروپێك لە هونەرمەندانی شاری سلێمانیو هەولێر لە باخچەی گلکەند ئاهەنگێکی قەشەنگیان لە هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبدا گێڕا.

وتەی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزب لە ئاهەنگەکە لەلایەن هاوڕێ (ئەحمەد شێروانی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییو بەرپرسی کۆمیتەی هەولێر خوێندرایەوە کە لە بەشێك لە وتەکەدا هاتبوو: (لەوەتەی هەشت ساڵ بەر لە ئێستاوە کە حزبی شیوعی کوردستان دروست بووە، حزب ڕۆڵی کارای خۆی لە گۆڕەپانی کوردستانیو عێراقیدا گێڕاوەو، شوێنی خۆی کردۆتەوەو پرۆژەی خۆی خستۆتەڕوو سەرباری ئاڵۆزیو ڕێگرەکانی بەردەمی. حزب پشکداری کاریگەری کردووە لە ژیانی سیاسی کوردستانیو، داکۆکیکەرێکی دڵسۆزی خواستو بەرژەوەندییەکانی زەحمەتکێشانو کارگەرانی بیرو بازووەو، تێکۆشەرێکی ماندوو نەناسی ڕێگای ئاشتیو ئاشتبوونەوەی نیشتمانیشە لە پێناو یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستانو سەرخستنی ئەزموونەکەمان بەو ئاراستەیەی ببێتە نموونەیەکی بەرچاو لە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی لە ناوچەکەدا).

دوابەداوی وتەکەی هاوڕێ، هونەرمەندانی هەولێرو سلێمانی تا درەنگانێکی شەو درێژەیان بە ئاهەنگەکەدا.

**ڕانیە:**
لە درێژەی چالاکییەکانیدا لە ساڵیادی حزب، کۆمیتەی ئازادی بە بەشداری جەماوەرێکی زۆرو نوێنەری لایەنە سیاسییو حکومییەکان لە دەڤەرەکەدا، ڕۆژی 2001/7/2 بەشی ڕۆشنبیریی کۆڕێکی بۆ هاوڕێ (عەبدوڵڵا) سازکرد لە ژێر ناونیشانی (بەجیهانیکردن).

* ڕۆژی دواتریش مارەسۆنێکی ماوە درێژ بە (78) وەرزشکاریی شارەکە ئەنجام دراو، پاشانیش خەڵات بەسەر (14) براوەدا دابەشکرا.

**کۆیە:**
لە هەشتەمین ساڵیادی حزبدا لە بارەگای حزب لە کۆیە هاوڕێیانمان پێشوازیی وەفدی حزبیو حکومیو جەماوەری شاری کۆیەیان کرد.

**کەلار:**
هاوڕێیانی لیژنەی ڕێکخستنی حزب لە شارۆچکەی کەلار بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبەوە پێشوازی میوانە بەڕێزەکانیان کرد کە بەمەبەستی پیرۆزبایی سەردانی حزبیان کردبوو.

هەروەها لە شارۆچکەکانی کفریو چەمچەماڵیش ئەو پێشوازیانە ئەنجام درابوو.

**شارەزوور:**
کۆمیتەی قەزای شارەزوور لە ساڵیادی حزبداو لە یەکەم ڕۆژدا پێشوازی میوانە بەڕێزەکانی کرد.

لە لایەکی دیکەوە وەرزێکی ڕۆشنبیریی بە هەمان مەبەست بۆ جەماوەری ناوچەکە سازدا.

## ئەحمەد دڵزاری شاعیر خەڵات دەکرێت



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 5ی تەمموزی 2001، هەردوو دەستەی نووسەرانی (طريق الشعب) ڕۆژنامەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراقو (ڕێگای کوردستان) زمانحاڵی حزبی شیوعی کوردستان ئێوارە کۆڕێکیان لە شارۆچکەی شەقڵاوە سازدا بۆ ڕێزنان لە مامۆستا (ئەحمەد دڵزار)ی شاعیر.

سەرەتای کۆڕەکە کەژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانو نووسەرانی دەڤەرەکە ئامادەی بوون، هاوڕێ ئەبوو یەسار چەند پەیڤێکی سەبارەت بە ژیانو تێکۆشانو هەڵوێستو شیعری مامۆستا ئەحمەد دلزار خستە ڕوو.

**لەم بارەیەوە لە لاپەڕە (3)دا بابەتێك دەخوێنیتەوە.**

## هاوڕێ عەزیز محەمەد لەگەڵ مام جەلال کۆدەبێتەوە

کاتژمێر 6.30 ئێوارەی ڕۆژی 2001/7/7 لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان هاوڕێ (عەزیز محەمەد) پێشوازی لە بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

لە دانیشتنەکەدا کە هاوڕێیان (سوبحی مەهدی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانو (ئەبو کاروان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب ئامادەی بوون باس لە پرۆسەی ئاشتیو دوا گۆڕانکارییەکانی عێراقو کوردستان کرا.

## پێنج مانگی دیکە نەوت بە خۆراك دەفرۆشرێت

ڕۆژی 2001/7/4 ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا بڕیاری (986)ی تایبەت بە نەوت بەرامبەر بە خۆراك بۆ ماوەی (5) مانگی دیکە نوێ بکرێتەوە.

بڕیاری نوێکردنەوەکە دوای ئەو گفتوگۆیانە هات کە لە بارەی پرۆژەکەی بەریتانیاو ئەمریکا کرا کە ناسراوبوو بە (سزا زیرەکەکان)و لە دەرئەنجامدا وڵاتانی ئەنجومەن نەگەیشتن بە ڕێکەوتنێك، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕوسیا لە بەرامبەر بەریتانیاو ئەمریکا هەڕەشەی بەکارهێنانی مافی (ڤیتۆ)ی کرد.

## وەجبەی دووهەمی ئاوارەکان دەگەڕێنەوە

دوای گەڕانەوەی وەجبەی یەکەمی ئاوارەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بە پێچەوانەوە، بە پێی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، بڕیار وایە ڕۆژی یەکشەممە 2001/7/8 وەجبەی دووهەمیش بگەڕێنەوە.

## لە بارەگای مەکتەبی سیاسی هاوڕێیانمان پێشوازی شاندێکی ڕۆژنامەنووسی دەکەن

سەعات (12)ی نیوەڕۆی 2001/7/2 هاوڕێیان (کەمال شاکرو دیلمان ئامێدی) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستانو (سەردار ئەنوەر) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازی وەفدێکی ڕۆژنامەنووسییان کرد کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان (هیوا مەحموود) لە (BBC)و (مایکل هاوار) لە ڕۆژنامەی گاردیانو (ماگی زاگنەر) مامۆستای ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی ئەمریکایی لە قاهیرەی پایتەختی میسر.

لە دیدارەکە دا جگە لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، بە گشتی باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن کرا لەم سەردەمەدا.

## کۆبوونەوەی حزبە شیوعیو کرێکارییەکان کۆتایی هات



ڕۆژانی 22 - 2001/6/24 بە دەستپێشخەری حزبی شیوعی یۆنان لە (ئەسینا)ی پایتەختی ئەو وڵاتە کۆبوونەوەی حزبە شیوعیو کرێکارییەکان لەژێر ناونیشانی (شیوعییەکانو بزووتنەوەی کرێکاریی) بەڕێوەچووە.

وەفدێکی حزبی شیوعی عێراقو حزبی شیوعی کوردستان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون کە پێکهاتبوون لە هاوڕێیان (عەلی جاسمو سوهێل زەهاوی). هاوڕێیانمان جگە لە موداخەلەکانیان لە پەراوێزی دانیشتنەکان چەندین دیداریان ساز کرد.

لە لاپەڕە (2) دا بابەتێك لەو بارەیەوە دەخوێنیتەوە.

## لە دانیشتنێکی نا ئاسایی پەرلەمانی کوردستاندا
## بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تیشك دەخاتە سەر سەردانەکەی بۆ دەرەوەی وڵات



ڕۆژی 2001/7/2 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1)ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی خۆی سازدا.

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە دوای گەشتەکەی بۆ وڵاتانی بەلجیکاو هۆڵەنداو فەڕەنسا بەشداری کۆبوونەوەکە بوو.

خاڵی یەکەمی بەرنامەی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ڕونکردنەوەیەکی کاك نێچیرڤان سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ دەرەوەی وڵاتو، لەمیانەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەراشکاوی کێشەو داواکارییەکانی کوردستانی عێراقو شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری 986و هێشتنەوەی ڕێژەی 13%ی داهاتی کوردستان لەو بڕیارەو کێشەی پەنابەرانی کورد لە هۆڵەنداو داکۆکیکردن لێیان بۆ نەگەڕاندنەوەیان بۆ کوردستان بەهۆی نادیاریی پاشەڕۆژو تەڵخی چارەنووس لە هەرێمدا خستۆتەڕوو.

هەروەها ئاماژەشیان بەوەکرد کە ئەو وڵاتانە بەڵێنیان داوە پشتگیریی گەلی کوردو کێشە ڕەواکەی بکەنو داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسییو دیموکراسیانەی بۆ دەکەن.

دواتر بەڕێز د. شەفیق قەزاز چەند لایەنێکی دیکەی گەشتەکەی ڕوونکردەوە.

شایەنی باسە لەو گەشتەیاندا چاویان بە گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتانەو چەندین کەسایەتی دۆستی کورد کەوتووە.

## لە لاهای میلۆسۆڤیچ دادگایی کرا

دوای ململانێیەکی نێوخۆیی چەند مانگی لە یوگۆسلافیا (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ)ی سەرۆکی پێشووی وڵات لە زیندانەکانی یوگۆسلافیاوە تەسلیم بە زیندانەکانی لاهای کرا.

ڕۆژی 2001/7/3 لە ژووری ژمارە (3)ی دادگای لاهای کە تایبەت کرابوو بە دادگایی کردنی تاوانباری جەنگی یوگۆسلافیا یەکەم ڕۆژی دادگایی کردنەکە دەستی پێکرد. لە کاتی دادگایی کردنەکەدا میلۆسۆڤیچ قسەکانی بەو ئاراستەیەدا بوو کە ئەگەر تاوانیشی کردبێت ئەوە ڕۆژئاوا پاڵی پێوەناوە.

بە دەستەوەدانی میلۆسۆڤیچ هاوکات بوو لەگەڵ کۆنگرەی وڵاتە بەخشکارەکان لە بەلجیکا. هەر لەو کۆنگرەیەشەوە لە بەرامبەر ئەو بە دەستەوەدانە بڕی (4) ملیار دۆلار بەخشرا بە یوگۆسلافیا.

شایەنی باسە (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ) چەندین تۆمەتی جینۆسایدو خراپەکاریی دراوەتە پاڵو بەم هۆیەوە دادگایی دەکرێت.

## پەرلەمانی تورکیا باری نائاسایی درێژ دەکاتەوە لە شارە کوردستانییەکان

لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوودا پەرلەمانی تورکیا بڕیاری نائاسایی لە چوار شاری کوردستانی تورکیا نوێ کردەوە. بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم نوێکردنەوەیە بۆ چوار مانگی دیکە بەردەوام دەبێت، چونکە هەر چوار مانگێك پەرلەمانی ئەو وڵاتە چاو بەو بڕیارەدا دەخشێنێتەوە.

هەرچەندە یەکێك لە مەرجەکانی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا هەڵگرتنی ئەو بڕیارەیەو تورکیاش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی لابردنی دابوو، بەڵام ئەمجارەشیان تازەی کردەوە.